**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٢**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠/٦/٢٠٠٤**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای وەزیری پیشەسازی و وزە و، رزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (١٩/٦/٢٠٠٤)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٣٢ )ی ساڵی/٢٠٠٤**
**یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ١٢ )ی ساڵی( ١٩٩٣ )**

**ماددەی یەکەم:**

لەهەر جێگایەکی یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی (١٩٩٣)دا دەسەواژەی (هەیئەی پەیمانگە هونەریەکان) هاتبێ، دەسەواژەی(هەیئەی فێرکردنی تەقەنی لە هەرێمدا)ی لە جێگە دادەنرێ.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی (٢٧)هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

(هەیئەکە لە کۆلێژە تەقەنیەکان و پەیمانگە پسپۆرەکانی بواری فێرکردنی تەقەنی ی پاش خوێندنی ئامادەیی یان هاوتاکەی پێك دێت و، شەخسییەتی مەعنەویی خۆی هەیەو، بۆیشی هەیە راسپێرێ کۆلێژگەل و پەیمانگەی تەقەنی بەپێی پێویست لە تازە بکرێنەوە یان ئیلغا بکرێن یان بکرێنەوە یان تێکەڵ بکرێن.

**ماددەی سێیەم:**

برگە(١)ی ماددەی(٢٨)هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

ئیدارەی هەیئەکە ئەنجومەنێ دەیگرێتە دەست کە دەسەڵاتی باڵای هەیئەکەیەو، لە سەرۆکی هەیئەکەو یاریدەدەرو عەمیدی کۆلێژەکان و نوێنەرانی وەزارەتە پێوەندیدارەکان، لەوانەیان کە لە کەمیی هاوشانی بەرێوەبەری گشتی بن و نوێنەرێکی هەڵبژێردراویش لەلایەن ئەندامانی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

هەيئەی تەدريسيی كۆلێژو پەيمانگە تەقەنيەكانی هەيئەی فێركردنی تەقـەنيی هـەرێم پێك دێت (لە ناوزەدكردنياندا، شارەزايی و پسپۆڕی رەچاو دەكرێو، ئيقراری ئەندامێتيشيان لەلايەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانەوە دەكرێ، بۆ دوو ساڵ كە يارای تازەكردنەوەيە).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی(٣٠)هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

هەر كۆلێژێكی تەقـەنی يـان پەيمانگەيـەكی تەقـەنی ئيدارەكـەی ئەنجومـەنێ دەيگرێتـە دەست بريتيە لە دەسەڵاتە باڵاكەی و، لە عەميدی كۆلێژ، يان عەميدی پەيمانگەو سەرۆكانی بەش يان لق و ياريدەدەری عەميدو نوێنـەرێكی هەڵبـژێردراو لەلايـەن ئەنـدامانی هەيئـەی تەدريـسيی هـەر كۆلێژێ يان هەر پەيمانگەيێ، پێك دێت و، هەر هەمان ئيشی تايبەت و سـەڵاحيياتی ئەنجومـەنی كۆلێژی زانكۆكانی هەيە بە جۆرێ كە لەگەڵ بارودۆخی كۆلێژ يان پەيمانگەكەدا بگونجێ، بۆيشی هەيە هەندێ لە سەڵاحيياتی خۆی بـە عەميـد بـسپێرێ و، ئيـشی تايبـەت و بڕيارەكانيـشی هـەر وەكو ئەوەی دەقی ماددەی (١٦)ی ئەم ياسايە دەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

١- ئەم بڕگەيەی خوارەوە، بۆ ماددەی (٣١) زياد دەكرێ و دەبێتە بڕگەی (يەكەم):

يەكەم: ئەوەی بە عەميدی كۆليژی تەقەنی دادەمەزرێ، مەرجە ئەو شەرتوشروتەی تێدا فەراهەم بێت كە لە ماددەی (١٧)ی ئەم ياسايەدا هاتووە.

١- بڕگە (١)ی ماددەی (٣١) هەموار دەكرێ و دەبێتە بڕگەی (دووەم)و بەم شێوەيەی لێ دێت: ئەوەی بە عەميدی پەيمانگە دابمەزرێ مەرجە مەرتەبەی مودەريس يـان سـەرووتری هـەبێ و لـە كـەميی بڕوانامـەی ماجستێری بـە دەسـتەوە بـێ و، بـە بڕيـاری ئەنجومـەنی وەزيـران و لەسـەر پێشنيازی ئەنجومەن بۆ ماوەی (٤) ساڵ دادەمەزرێ.

٢- بڕگـەی (٢)ی مـاددەی (٣١) هـەموار دەكـرێ و دەبـێ بـە بڕگـەی (سـێيەم) و وەك ئەمـەی خوارەوەی لێ دێت:

(عەميـدی كۆلێـژ يـان عەميـدی پەيمانگـە لـە هەيئەكـەدا، ئـەو سـەڵاحييات و ئيـشە تايبەتانـەی عەميدی كۆلێژ دەگرێتە دەست كە لە ماددەی (١٧)ی ئەم ياسايەدا هاتووە بە جۆرێ كە لەگـەڵ ئامانجەكانی كۆلێژەكە يان پەيمانگەكەدا بگونجێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم بڕگەيەی خوارەوە بۆ ماددەی (٣٦) زيـاد دەكـرێ و، زنجيرەكـەی دەبێتـە (٢) وەك ئەمـەی خوارەوە:

(ياريدەدەری هەيئەی فێركردنی تەقەنی لە هەرێمدا بە بڕيـاری سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزيـران و لەسەر پێشنيازی ئەنجومەنی هەيئە دادەمەزرێ و، ئيشوكارەكانيشی بە بڕيار ديار دەكرێن و، لە كەمييش مەرتەبەی ئوستادی ياريدەدەری دەبێ.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

برگە (٢) لە ماددەی (٣٧) هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لیَ دێت:

بۆ هەر کۆلێژێکی تەقەنی یان بۆ هەر پەیمانگەیەکی تەقەنی یاریدەدەرێکی عەمید دادەمەزرێ بە بڕیاری سەرۆکی هەیئەکەو لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی کۆلێژە تەقەنیەکە یان پەیمانگە تەقەنیەکە.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

www.mojkurdistan.com